گۆڤارێکی مانگانەی تایبەت بە مۆزیك و گۆرانییە
ئینستیوتی کەلەپوری کوردستان دەریدەکات

# ژمارە ٧


خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری
سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری
هەنگاو ئەنوەر شێخانی
hangawanwar@hotmail.com
سەرنووسەر: وریا ئەحمەد
wirya4e@hotmail.com
سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکاری
د. محەمەد عەزیز زازا
mdzaza@hotmail.com
ئەنجومەنی راوێژکاری
د.رەزوان بادینی
ئامانج غازی
فەرهەنگ غەفور
تاریق سالّح
عومەر محەمەد



ناونیشان : هەولێر/
ژێر کتێبخانەی گشتی هەولێر
سایتی ئینتەرنێت:
www.kurdish-music.org
تەلەفۆن : ٢٢٣٨٣٠١
٢٢٣٨٣٠٢
٢٥١٩٥٥٨

Govarêkî Manganey Taybet be Muzîk u Goranîye
Înstiutî Kelepûrî Kurdistan Derîdekat
Jimara -7-



*Xawenî Imtîyaz:*
**Wezîrî Roşibîrî**
*Serokî Encumenî Kargerî:*
**Hengaw Enwer Şêxanî**
hangawanwar@hotmail.com
*Sernûser:*
**Wirya Ehmed**
Wirya_hehe@yahoo.com
*Serokî Encumeny Rawêjkarî:*
**Dr. Mehemed Ezîz Zaza**
mdzaza@hotmail.com
*Encumeny Rawêjkarî:*
**Dr. Rezwan Badînî**
**Amanc Xazî**
**Ferheng xefur**
**Tarîq Salih**
**Umer Mehemed**



*Nawnîşan: Hewlêr*
*Jêr Kitêbxaney Giştî Hewlêr*
*Saytî Enternêt:*
www.kurdish-music.org
*Tel:* ٢٢٣٨٣٠١
٢٢٣٨٣٠٢
٢٥١٩٥٥٨

# ناوەرۆك


◆ بەرایی 3

◆ شاندی موزیکی کەلەپووری هەرێمی برۆتانیای فەرەنسی لە کوردستان 4

◆ (١٠) دە نوتەی گۆرانی کوردی 17
بە نۆتەکردنی : وریا ئەحمەد

◆ (٥) پێنج نوتەی گۆرانی کوردی 41
بە نۆتەکردنی: ئامانج غازی

◆ (٩) نۆ نوتەی گۆرانی کوردی 47
بە نۆتەکردنی: هەنگاو ئەنوەر شێخانی

◆ "دانسقەی موزیکی و لیرکی" 57
میدی و نۆتەی موزیکی
د. محەمەد عەزیز زازا


---


دەرهێنانی هونەری: هەنگاو ئەنوەر شێخانی
لۆگۆ: سەیوان سەعیدیان
دیزاین: ئاسۆ مام زادە
زمانەوانی: تاریق سالح
تایپ: جەلیل عەبدولواحید
سەرپەرشتی چاپ: دەرباز مامند ئاغا رواندزی
چاپخانەی کشتوکاڵ

# بەرایی

**سەرنووسەر**

**لە نووووسینێکدا بە پێنووسی ئەندازیار(جەودەت هۆشیار)لە بڵاوکراوەی(نەورۆز)دا،بەم ناو نیشانەی خوارەوە:**

**(گەنجینەی کەلەپووری کورد، لە گەنجینەکانی(پوتروسبورگ)دا) تیایدا هاتووە:**

**روسیا کۆمەڵێك دەسنووسی بەهادار ودانسقەی کوردی، کە لایەنێکی گرنگی کەلەپووری کوردی، بگرە شاکارەکانی ئەدەبی کلاسیکی و تێکستەکانی فۆلکلۆری و بەرهەمی دیکەی بواری زمان ومێژوو وئەتنۆگرافی کوردیمان ، لەخۆدەگرێت، ئەمەیش کارێکی سەیرنیە، چونکە روسیای قەیسەری، تاکە وڵاتی ئەورووپی بوو، سنووری هاوبەشی لەگەڵ کوردا هەبوو، بەو هۆیەوە پێش هەر وڵاتێکی دی هەوڵی داوە، پەیوەندی بەتین لەگەڵ کوردا ببەستێت، ئەمەش بەهۆی گرنگی هەڵکەوتی ستراتیژی وڵاتی کوردان، چونکە کورد دراوسێی باشووری روسیا بوو، ئەویش بە مەبەستی مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی عەسکەری و دارایی و رامیاری و خۆی، ئەویش دوای ئەوەی ناوچەکانی پشت(قەوقاز)یش، بۆسەر ئیمپراتۆریەتی روسیا گەڕایەوە، گرنگی دانی روسەکانیش بە کورد وکوردستان بەو بۆنەیە، بەتینتربوون، ئەمەیش لە کارەکانی ڕۆژهەڵاتناسانی روس، لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەدا، لە کوردستان بەدی دەکرێت، هەریەك لە ئەکادیمیای زانستی روسی وکۆمەڵەی جیۆگرافی روسی، ڕۆڵێکی دیاریان لەم بوارەدا نواند، شایانی باسە روسیا یەکەم لانکەی(کوردۆلۆژی)بە واتا زانستی وپرۆگرامداریەکەی بووە، لەم بوارەدا دەسپێشخەر بووە، چونکە ئەو دیراسانەو توێژینەوە زانستیە کوردلۆژیانەی، روس وسۆڤیەتەکان، دەربارەی زمان وئەدەب وڕۆشنبیری کورد و کارە زانستی ودیمۆگرافی وجیۆپۆلەتیکانەی دەربارەی کوردستان بە ئەنجامیان گەیاند، زۆر قووڵ وڕاستگۆیانەن، لەڕووی جۆرەوەو دەیان جار بەقەد ئەوانەن، کە ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژئاوا دەربارەی کوردەوە کردوویانە، هەم لە ڕووی ژمارەیشەوە، کوردیۆلۆژانی روسی وەك( لیرخ، فیلیامینۆف، زیرنۆف، یەکیزیارۆف، زابا، ئۆربیللی، مینۆرسکی، نیکیتین) لە پێناو بەرزکردنەوەی مێژوو وڕۆشنبیری ودیراسەکردنی کەلەپووری کوردیمانا، ڕەنجی زۆریان داوە، توانیان سەرنجی خەڵکی بە لای زۆرکاری زیندوو، بە شیکردنەوەی قووڵیان ڕاکێشن، لەوەشدا هەر یەکەمین کەسانێك بوون .**

**ئەوەی سەرەوە تەنیا پێشەکی ئەو دیراسەیە بوو، کەلە(١٥)کاغەزی فولسکاب پێکهاتووە، من لێرەوە داواکارم گەر تا ئەمڕۆ ئەم دەسنووسانە، هەوڵی دەستخستنیان بۆ نەدراوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەرکی پەیداکردنیان بدات، (کۆپی)ئەو دەستنووسانە بگاتە کوردستان بە مەبەستی پاراستنیان ودواتر وەرگێڕانیان، بە مەبەستی سوودوەرگرتن لەودەسنووسانەو لەو توێژینەوەودیراسەکردنانەی ڕۆژهەڵاتناسە روسەکانیش بۆ ئەو دەسنووسانە، ئەنجامیان داوە .**

# شاندی موزیکی کەلەپووری هەرێمی برۆتانیای فەرەنسی لە کوردستان

**ئامادەکردنی: تاریق ساڵح**

شاندی کەلەپوری هەرێمی برۆتانیای فەرەنسا، کە لەسەر داوەتی وەزارەتی رۆشنبیری حوکومەتی هەرێمی کوردستان ، ئینستوتی کەلەپوری کوردستان ،بەرێوەبەرایەتی کەلەپوری کورد، بەهاوکاری بەشی زمانی فەرەنسی زانکۆی سەلاحەدین، سەردانی کوردستانیان کرد، ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٦٦/١١/١ لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی وەزیری رۆشنبیری حکومەتی کوردستان بە وەکالەت و جێگری پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و هونەردۆستان و موزیکژەنانی شاری هەولێر ئێوارە کۆنسێرتێکی موزیك و گۆرانی و سەماو هەڵپەرکێی میللی هەرێمی برۆتانیایان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد ، شایەنی گوتنە کونسێرتەکە بووە مایەی خۆشحاڵی ئامادەبووان و جەماوەر بەشدارییەکی چالاکانەیان لە سەماو هەڵپەرکێی میللی هەرێمی برۆتانیا کردوو لە لایەن خۆیانەوە ئەوانیش خۆشحاڵی خۆیان بەوە دەربری کە خۆیان لە لایەن جەماوەرێکی هونەر دۆست دەبیننەوەو کارەکەیان پێشوازی لێ دەکرێ. رۆژی دواتر رێکەوتی ٢٠٠٦/١١/٢سەردانی شاری سلێمانیان کردوو لەوێش بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هونەری و هونەردۆست و موزیکژەنان کۆنسێرتێکی سەماو هەڵپەرکێ و موزیکی میللیان لە هۆڵی کۆمەڵی هونەرەجوانەکان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، کە بووە مایەی خۆشحاڵی ڕەزامەندی ئامادەبووانی هۆڵەکەو بەشدارییەکی کارایان لە سەماو شایی و هەڵپەرکێی میللی هەرێمی برۆتانیای فەرەنسا کردوو ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە شایی و سەمای میللی کوردیان بە هاوبەشی لەگەڵ جەماوەری هۆڵ کرد.پاشان شاندی ناوبراو سەردانی شاری دهۆکیان کردوو لەوێش لەلایەن پارێزگاری دهۆك بەرێز تەمەر رەمەزان پێشوازی گەرمیان لێکراو ئێوارە خوانێك لەلایەن بەرێزیانەوە بۆ شاندی میوان رێك خرا، دواتر بەرێز قادر قاچاغ بەرپرسی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە شاندی ناوبراو کردوو دیاری پێشکەشکردن و هاوشان لە گەڵ جەماوەرێکی بەرچاوی هونەری و هونەر دۆستی شاری دهۆك ئامادەی کۆنسێرتی گروپی موزیك و سەمای میللی هەرێمی برۆتانیا بوو، کە لە هۆڵی هەنەرمەند محەمەد عارفێ جزیری رێکەوتی٢٠٠٦/١١/٤ کاتژمێر ٤ ی ئێوارە سازیان دا، کۆنسێرتەکە بەسەرکەوتوویی لە نێوچەپلە رێزانی ئامادە بووان بەکۆتا هات. ئەمەو وێرای نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستان ، ئینستوتی کەلەپوری کوردستان و بەرێوەبەرایەتی کەلەپوری کوردستان لە رێورەسمی پێشوازی و میوانداریکردنی شاندی ناوبراو بەشداروو هاوکاربوون. شایەنی گوتنە شاندەکە لە هەرسێ شاری کوردستان زۆربەی ناوەندو دەزگا هونەری و کەلەپورییەکانیان بەسەر کردەوە، وەکو پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە شاری هەولێرو دهۆك و سلێمانی، بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاشنابوون بە کاروچالاکییەکانی ئەم دەزگایانەو شاندی ناوبراو.

بەر لە ئەنجامدانی کۆنسێرت لە شارەکانی کوردستان، ئینستوتی کەلەپوری کوردستان و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری چلاواز ، رۆژی سێشەممە، کاتژمێر ( ٤) ی ، ئێوارە،رێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/٣١ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و موزیکژەنان و هونەردۆستانی شاری هەولێر، کۆڕێکی هونەرییان، لە هۆڵی ئینستوت بۆ گروپی موزیك و سەمای کەلەپوری هەرێمی برۆتانیای فەرەنسا سازکرد. سەرەتا بە رێز د.محەمەد عەزیز زازا بەخێرهاتنی شاندی ناوبراوی کردوو خۆشحاڵی ستافی ئینستوتی کەلەپوری کوردستانی پێ ڕاگەیاندن و ئومێدی خواست ئەو جۆرە

سەردانانە بەردەوام بیّ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی ئەو پەیوەندیانە ئاشنایەتی وشارەزایی لە کەلتوروو داب و نەریتی یەکتری وەربگرن.

گروپەکە پێکهاتووە لەم هونەرمەندانە :

١. **ئیمانۆیلّ/سەرۆکی گرووپ/ (**Emmanvel Smagve**) بە ئامێری کەمان.**
٢. **سەبین (**Sabine Kergoet**) گۆرانیبێژ**
٣. **مۆد (**Mavd Gvillois**) سەماکەر.**
٤. **کۆغالی (**Coralie Marzin**) سەماکەر.**
٥. **ئالان (**Alan Madec**) بە ئامێری ئۆکۆردیۆن.**
٦. **ژۆن لۆك (**Jean – Lvc Thomas**) بە ئامێری فلوت.**
٧. **ئیف (**Yvees – Marie Letroadec**) گۆرانیبێژ.**
٨. **کغیستیان (**Christian Rivoalen**) گۆرانیبێژ.**
٩. **ستیڤان (**Stephane Foll**) بە ئامێری بینیۆ.**
١٠. **گەبی (**Gabriel Kerdoncvff**) بە ئامێری زوڕنا و ترۆمپێت.**

سەرەتا بەڕێز(ئیف) خۆی بە ئامادەبووان ناساند کە پیشەی سەرەکی موزیکژەنەو کاری موزیکژەنی دەکات، ئینجا کورتەیەکی لە کاروچالاکییەکانی شاندەکەیان پێشکەش ئامادەبووان کرد،لە بابەت موزیك و زمان و کەلەپوری هەرێمی برۆتانیا دواو گوتی:( زمانی هەرێمی برۆتانیا زمانێکی سەربەخۆیە، کەلە هەرێمەکەیان لە ڕۆژئاوای فەرەنسا قسەیان پیّ کردووە،بەشێکە لە زمانی سەلتیکی(شاتۆبریان) زۆر جیاوازە لە زمانی فەرمی فەرەنسی، لە لێکۆلینەوەیەکی ساڵی ١٩٥٠ دەرکەوتووە، ئەم زمانە ڕێژەی سەدا شەستی دانیشتوانی هەرێمی برۆتانیا پێی دواون، بەلاّم لە لێکۆلینەوەیەکی ئەم دوادوایانە دەرکەوتووە، کە تەنها ڕێژەی سەدا شەشی دانیشتوان بەو زمانە دەدوێن بە جۆرێك کە ئەو زمانە خەریکە لە ناو دەچێت، هەروەها گوتی هەرێمی برۆتاین لە ڕووی ئیدارییەوە سەربە فەرەنسایە).دواتر سەبارەت بە موزیك و کەلەپوری میللی هەرێمەکەیان دواو ئەو ئامێرە موزیکیانەی کە پێك هاتبوو لە(زۆڕناو بینۆ و هتد... ) پیشانی ئامادەبوانی داو، لە سەر میلۆدی و نۆتەکانیان قسەی کردوو نمونەی هەندیّ گۆرانی فۆلکلۆری لەسەر C.Dو ڤیدیۆ بۆ ئامادەبووان پەخش کردوو، وتیشی: هەرێمی برۆتانیا لە ڕووی گۆرانی و موزیکەوە دەوڵەمەندەو دوو شێوازی لە میلۆدی و گۆرانی گوتن هەیە (گۆرانی بۆ هەڵپەڕکیّ و سەما و گۆرانی بۆ چێژو خۆشی و دەربڕینی شتە شاراوەکانی ناخ)ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا گوتی: خەڵکی ئێمە هەموو شەوانی شەممە کۆدەبێتەوەو دەتوانیّ پەنجا جۆر سەمای جیاجیا بە هاوبەشی موزیك بکات. ئینجا لەبارەی مێژوی موزیکی هەرێمی برۆتاین گوتی: لە دوای ساڵانی پەنجا دوای جەنگ موزیکی هەرێمی برۆتاین هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە هاتووە، و گرینگترین شۆڕشیش بۆ ئێمە ئەوەیە (کە بیرمان فراوان بکەین، چونکە لای ئێمە فراوانکردنی بیرو ژەنینی موزیك زۆر لە چەك گرینگترە).ئینجا ئامادەبووانیش بە پرسیارو وەلاّم بە یاریدەی وەرگێڕ کاك بەختیار بەشداریان لە گەڵ ناوبراو داکرد. دوابەدوای ئەو بەڕێز(گەبی کێخ دۆن کیس)خۆی بە ئامادەبوان ناساند کە وەك گۆرانیبێژو کۆکەرەوی گۆرانی میللی ناوچەکانی خۆیان کار لەگەڵ ئەو گروپە دەکات، گوتی:((من پیشەی سەرەکیم موزیك نییە، بەڵکو کاری تر دەکەم، هاو کات وەك گۆرانیبێژو کۆکەرەوەی گۆرانی میللی کار لە گەڵ ئەو گروپە دەکەم، بەلاّم پێم خۆشە ئەوە بڵێم:کە کاری کۆکەرەوەی گۆرانی و موزیکی کەلەپوری میللی کارێکی کەسییەو من بۆ خۆم دەی کەم نەوەك لە لایەن دەزگایەك یان هەرێمەکەمان وحکومەتی فەرەنسا ڕاسپێرابم)). ئینجا نموونەی چەند گۆرانییەکی میللی هەرێمی برۆتانیای پێشکەش بە ئامادەبوان کرد. جۆری ئەو سەماو شاییانەی ، کە دانیشتوانی هەرێمەکەیان لە کاتی زەماوەندی بوك گواستنەوەو بۆنەو ئاهەنگی خۆشی دەیکەن، بۆ ئامادەبوانی باس کرد. ڕەزم و ترپەو ئیقاعی ئەو

موزيكانەشی خستە ڕوو، كە بۆ سازدانی سەماو شاييەكان دەی ژەنن و باسيشی لەو شاييەی، كە بەبێ موزيك تەنها بە هۆی بەند بێژ، كە لای خۆمان شايەری، پیێ دەڵێين، ئەنجام دەدریێ كرد.

دوای ئەمان پرۆفيسۆر د.شوكريە ڕەسوڵ كورتە باسێكی سەبارەت بە كەلەپورو كەلتوری ميللی نەتەوەی كوردی پێشكەش بە ئامادەبوان كرد تيشكی خستە سەر دەوڵەمەندی گەلی كورد لە ڕووی كەلەپورو بەرهەمی فۆلكلۆری و چۆنيەتی كۆكردنەوەی ئەو بەرهەمانە لە ڕێگەی كەسانی خۆبەخش، وەك لە هەولێر هەنەرمەند (وريا ئەحمەد) ولە سلێمانی هەنەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی)و لە دهۆكيش هونەرمەند(دڵشاد محەمەد سەعيد) و چەندانی تريش، كە بە كاری كۆكردنەوەی بەرهەمی كەلەپوری و فۆلكلۆری نەتەوەيی خەريك بوون و ڕۆڵی ئينستوتی كەلەپوری كوردستانيشی لە كۆكردنەوەو بە ئەرشيفكردن وبە نۆتەكردنی گۆرانييەكان و پاراستنی بەرهەمی فۆلكلۆری نەتەوەيی بەرز نرخاند. ئينجا گروپی ناوبراو بە چەند نمايشێكی سەماو شايی ميللی خۆيان لە هۆلی دووەمی ئينستوت بابەتی باسەكانيان دەوڵەمەندتر كرد. ئەمەو كۆڕەكە نزيكەی دوو كاتژمێری خاياند بە خۆشحاڵی و چەپڵە ڕێزانی ئامادەبووان بە كۆتا هات.

١- شاری هەولێر:








2006 11 1


گروپی
موزیکی
کەلەپووری
هەرێمی
برۆتانیا
2006 11 1


2006 11 1





٢- شاری سلێمانی:




GIRUPI
MUZIKI
KELEPURI
HERÉMI
BROTANIYA


2006 11 2



٣- شاری دهۆك:
















Le Groupe de la MUSIQUE Traditionnelle Bretonne.
گروپی مۆزیکی کەلەپووری هەرێمی برۆتانیا

# Ew Kice Lew Male

Zirek






شەشی (عەجەم) لەسەرتۆنەی / ڕێ/دا

# ئەو كچە لەو ماڵە

به نۆتەكردنی: وریا ئەحمەد

وتنی: زیرەك

ئەنگوستت دەرزی زوڵفت خەیاتە
ڕۆحم كێشكچی وەرە وەرە دەورەی باڵاتە
تۆ وەرە ، تۆ وەرە ، تۆ وەرە خانمی مەزەدار
وەرە وەرە ، وەرە خانمی مەزەدار
ئەی وەی هەردووكمان ڕێبوار
تۆ مەڕۆ ، شۆخی مەزەدار
ئەنگوستت دەرزی زوڵفت ئاوریشم
خودا نەمكوژێ شڵ و مڵ گیان دایمە لەلاٌت بم
ئەو كچە لەو ماڵە قەولی داوە پێم
دەرك و دەروازەی لەبەر چی داخراوە لێم
ئەو كچە لەو ماڵە خۆی دا نیشانم
ئاوری پێ نەبوو وەرە وەرە سوتاندی گیانم
تۆ وەرە ، تۆ وەرە ، خانمی شڵ و مڵ
وەرە ، وەرە ، شۆخی چاو بەكڵ
ئەو كچە لەو ماڵە جوان وەك هەلاڵە
هیچ لۆمەمم مەكەن ئەی هاوار دڵ بۆی عەبداڵە

# Ew kiçe lew male

*Zîrek*

*Engustit derzî zûlfit xeyate*
*Rohim kêşikçî were were dewrey balate*
*To were to were to were xanmî mazedar*
*Were were were xanmî mazedar*
*Ey wey herdûkman rêbwar*
*Tû mero şoxî mazedar*
*Engustit derzî zûlfit awrîşim*
*Xûda nemkûjê şilû mil gîyan dayme le latbim*
*Ew kiçe lew male qewlî dawe pêm*
*Derkû derwazey leber çî daxrawe lêm*
*Ew kiçe lew male xotda nîşanim*
*Awrî pênebû were were sûtandî gîyanim*
*To were to were xanimî şilû mil*
*Were were şoxî çaw bekil*
*Ew kiçe lew male ciwan wek helale*
*Hîç lomem meken eyhawar dil boy hebdale*

# Ey Gerde

Mamle






= پێنجـــی ( عەجەم ) لەســەر نۆتــەی = لا بیمــۆڵ =

# ئەی گەردە

**بە نۆتەکردنی: وریا ئەحمەد**　　　**وتنی: مامڵێ**

ئەرێ دەڵێ لێوئاڵ لێم زیزە
کەژاڵ چووتە سەفەرێ
لە خودای دەکەم تەڵەبێ
ئەی گەردە و گیانم گەردە
ئەرێ دەت فەرموو بۆ تۆ نابم
کەوتوبومە بەندیخانی
ڕەبی کۆستی دڵ کەوێ
ئەی گەردە و گیان گەردە
وەرە مەردوو مەردانە
خزم و کەسم بەجێ هێشت
دەچنە سێسنە و هەلاڵان
بلێن بە لەیلای ئازیز
مردن چاترە لەو حالە
ئەی گەردە و گیانم گەردە
دەوەرە مەردوو مەردانە
ئەرێ (زەردە نیمیە) لێم ونە
لێو ئاڵم زۆر نەخۆشە
ڕۆژێ جارێك ببینم
ئەی گەردە و گیانم گەردە
دەوەرە مەردوو مەردانە
ئەرێ تێنی چاوی جوانی توم
خۆ من وەك کاکە مەمی
هەڵوەدای چاوی ڕەشم
ئەی گەردە و گیانم گەردە
دەوەرە مەردوو مەردانە

جا بە کەس ئاشت نابیتەوە
دوعام بۆ بکەن بێتەوە
لەگەڵم ئاشت بێتەوە
دەست لە بەتکاران بەردە
چۆنی تۆ دەڵێ وابم
جا بە یادی تۆوە مابوم
گەر ساتێك لێت جودابم
گەردن هەلاڵەی زەردە
دەست لە بەتکاران بەردە
لە دەشتی شار ویرانی
کیژۆڵەی کوردستانی
مجنون (زەنم نیە) گیانێ
نامەوی زیندەگانی
گەردن هەلاڵەی زەردە
دەست لە بەتکاران بەردە
( دەسڵەم ) کەوتە وەس واسە
کەوتووەو زۆر بێ کەسە
بۆمنی بێچارە بەسە
گەردن هەلاڵەی زەردە
دەست لە بەتکاران بەردە
خودا خۆی دەیزانی
ئەشقی زینی بۆکانم
لە گەرمێن و کوێستانێ
گەردن هەلاڵەی زەردە
دەست لە بەتکاران بەردە

# Ey Gerde

*Mamlê*

*Erê delê lêwal lêm zîze*
*Kejal cûte seferê*
*Le xûday dekem telebê*
*Ey gerdeû gîyanim gerde*
*Erê det fermû bo to nabim*
*Keutibûme bendîxanê*
*Rebî kostî dil kewê*
*Ey gerdeû gîyanim gerde*
*Were merdû merdane*
*Erê xizmû kesim becêhêşit*
*Deçne sêsneû helalan*
*Blên be leylay azîz*
*Mirdin çatire lew hale*
*Ey gerdeû gîyanim gerde*
*De were merdû merdane*
*Erê zerdr nîme lêm wne*
*Lêw alim zor nezoşe*
*Rojî carêk bîbînim*
*Ey gerdeû gîyanim gerde*
*Dewerwere merdû merdane*
*Erê tênî çawî ciwanî tom*
*Xomin wek kake memî*
*Helweday çawî reşim*
*Ey gerdeû gîyanim gerde*
*Were merdû merdane*

*Ca bekes aş nabêtewe*
*Dûçam bobiken bêtewe*
*Legelim aşit bêtwe*
*Desit le betkaran berde*
*çonî to delêy wabim*
*Ca be yadî towe mabûm*
*Ger satêk lêt cûdabim*
*Gerdin helaley zerde*
*Desit le betkaran berde*
*Le deştî şar wêranê*
*Kîjoley kurdistanî*
*Mecnûn zenim nîye gîyanê*
*Namewê zîndeganê*
*Gerdin helaley zerde*
*Desit le betkaran berde*
*Deslem kewte wes wase*
*Kewtûew zor nexoşe*
*Bomnî bêçare bese*
*Gerdin helaley zerde*
*Desit le betkaran berde*
*Xûda xoy dey zanê*
*Aşqî zînî bokanim*
*Le germênû kwêstanê*
*Gerdin helaley zerde*
*Desit le betkaran berde*

# Naylone

Zirek






چواری ( عەجەم ) لەسەر نۆتەی/فا / نۆتەی/می/یش ( یەدن ) ە

# نایلۆنە

به نۆتەکردنی: وریا ئەحمەد

وتنی: زیرەك

که دەروێشی کوێستانیٚ
وەرنە سەر خیابانیٚ
به مەشهوریان نووسیوم
ئەی وەی لە دەفتەری تارانیٚ
ئەی وەی نایلۆنە بابم لایلۆنە
نایلۆنە ئای لایلۆنە
نایلۆنەکەی هەریرە
جەرگم هەمووی لەت لەتە
ئەی وەی بریندارى سیٚ تیرە
ئەی وەی نایلۆنە بابم لایلونە
که دەروێشی کوێستانی
بۆ من بچنە تکایە
هاوارو داد من چ بکەم
ئەی وەی لە دەست بابی لەیلایە
ئەی وەی نایلۆنە بابم لایلۆنە
نایلۆنە ئای لایلۆنە
نایلۆنەکەی هەریرە
جەرگم هەمووی لەت لەتە
ئەی وەی بریندارى سیٚ تیرە
ئەی وەی نایلۆنە بابم لایلوٚنە
که دەروێشی کوێستانم
بەسیەتی تاڵ بووە بە هانە
جەرگم هەمووی لەت لەتە
ئەی وەی بریندارى دەبانە
ئەی وەی نایلۆنە بابم لایلۆنە
نایلۆنە ئای لایلۆنە
لایلۆنەکەی هەریرە
جەرگم هەمووی لەت لەتە
ئەی وەی بریندارى سیٚ تیرە
ئەی وەی نایلۆنە بابم لایلونە
چاوت ئەستێرەی شەویٚ
کوڵمەت دەندووکی کەویٚ
باسکم بۆ بکە بە سەرین
نەرمۆل بە جووت خەومان لیٚ بکەویٚ
ئەی وەی نایلۆنە بابم لایلۆنە
نایلۆنە ئای لایلۆنە
نایلۆنەکەی هەریرە
جەرگم هەمووی لەت لەتە
ئەی وەی بریندارى سیٚ تیرە
ئەی وەی نایلۆنە بابم لایلوٚنە

# Naylone

Zîrek

*Ke derwêşî kiwêstanê*
*Werne ser xîyabanê*
*Be meşhûryan nûsîwim*
*Ey wey le defterî taranê*
*Ey wey naylone babim laylone*
*Naylonekey herîre*
*Cergim hemûy let lete*
*Eywe birîndarî Sêtîre*
*Ey wey naylone babim laylone*
*Ke derwêşî kiwstanê*
*Bo min biçne tekaye*
*Hawar dad min çibikem*
*leds babî leylaye*
*Ey wey naylone babim laylone*
*Naylone ay laylone*
*Naylonekey herîre*
*Cergim hemûy let lete*
*ey wey birîndarî Sê tîre*
*Ey wey naylone babim laylone*
*Ke derwêşî kwêstanim*
*Besyetî tal bûe be hane*
*Cergim hemûy let lete*
*Ey wey birîndarî debane*
*Ey wey naylone babim laylone*
*Laylonekey herîre*
*Cergim hemûy let lete*
*Ey wey brîndarî Sê tîre*
*Ey wey naylone babim naylone*
*Çawit estêrey Şewê*
*Kulmet denûkî kewê*
*Baskim bo bike be serîn*
*nermol be cût xewman lê bikewê*
*Ey we naylone babim laylone*
*Naylone ay naylone*
*Naylonekey harîre*
*Cergim hamûy let lete*
*Ey wey birîndarî Sêtîre*
*Ey wey naylone babim laylone*

# Demaxim Wezne

Ahmedi Heme Melay






چواری ( حیجاز ــ نیوەشەو ) لەسەر نۆتەی/ لا / و نۆتەی /سۆل/یش ( یەدن ) ە

# دەماغم وەزنە

بە نوتەکردنی: وریا ئەحمەد　　　　گوتنی: ئەحمەدی حەمە مەلا

دەماغم وەزنە ( ئەی هاوار ) ئەمشەو چل شەوە
سەدای زیل و بەم ( چرای لە دڵم ) بەزمی خوسرەوە
دەماغم وەزنە ( ئەی هاوار ) مانگی مەولودە
بێنە ماچت کەم (چرای لە دڵم) ماچم مەقسوودە
دەماغم وەزنە (ئەی هاوار) مانگی نیسانە
بێنە ماچت کەم (چرای لە دڵم ) بووم بە دێوانە

# Demaxim wezne

*Folklor*

*Demaxim wezne ey hawar emşew çil şewe*
*Seday zîlû bem çiray le dilim bezmî xusrewe*
*Demaxim wezne ey hawar mangî mewlûde*
*Bêne maçitkem çiray le dilim maçim meqsûde*
*Demaxim wezne ey hawar mangî nîsane*
*Bêne maçitkem çiray le dilim bûm be dêwane*

تێبینی:

تێکستی ئەم گۆرانییە لە پەرتووکی ژیان و بەسەر هاتی هەندی گۆرانی هونەرمەند تایەر تۆفیق وەرگیراوە .

# Payze

Sehabi






چینی یەکەمی مەقامی ( ئـــەڵلا وەیســـی ) لەســـەر نۆتـــەی / دۆ / دا

# پایزه

به نۆتەکردنی: وریا ئەحمەد — وتنی: شەهابە

پایزه ، پایزه ، پایزه  هەواران
وەك بووكی ڕەش پۆش ماتم لـه سوێی دڵداران
وەرزی هاتنەوەی كۆچ و كۆچ بارە پایز
بۆیە ماتوو غەمبارە هەر وەك بووكی زیز
هەوارو هەوار چۆلە جێ ژوانگەی یاران
هەوار بە ماڵم كوانێ ئەو خۆشییەی جاران
بەرگی غەم داپۆشیوە كوردستان یەكسەر
هەر قەول و قەلاوە گەردوو ڕێ لـە كەسەر
پایزه ، پایزه ، پایزه  هەواران
وەك بووكی ڕەش پۆش ماتم لـه سوێی دڵداران

# Payze

*Şehabe*

*Payze payze payze hewaran*
*Wek bukî reşpoş matim le siwêy dildaran*
*Werzî hatnewey koç û koç bare payz*
*Boye mat û xembare her wek bukî zîz*
*Hewar û hewar çole cê jiwangey yaran*
*Hawar be malim kuanê ew xoşîyey caran*
*Bergî xam daypoşîwe kurdistan yekser*
*Her qeul û qelawe gerdû rê le keser*
*Payza payza payza hewaran*
*Wek bukî reş poş matim le swêy dildaran*

# Şedelar

Zirek






مەقامی ( حیجاز ــنیوەشەو )لەســەر نۆتــەی ــ ســۆل ــ هەرچــەندە گۆرانییەکــە لــە بارەکــانی ژمــارە

ـ دوو + شــەش ــدا لەســەر نۆتــەی/دۆ /و بارەکــانی ـ چــوار + هەشــت ـ یــش لەســەر نۆتــەی /ســی /دا کۆتــایی دێــت

# شەدەلار

**بە نۆتەکردنی: وریا ئەحمەد** **وتنی: زیرەك**

**خودا بیستێنێ حەقم لە دایەت**
**من جەورم کێشا، کێ نیشتە سایەت**
**شەدە لار، ئۆف شەدە لار، ... حاکمەکەی بانە**
**دەبێنە، بێنە ماچت کەم، دەم بچکۆڵانە.....**
**هەر کەسێك نەیبێ دوو دۆست و یارێ**
**سەر بگرێ لە قوورِ، سبح و ئێوارێ**
**ئەتۆ لەو سەرە، لە حوجرەی حەوت ڕەنگ**
**ئەمنیش وام لێرە غەریب و دڵ تەنگ**
**دەترسم بمرم، چلّەی زستانێ**
**قەل و داڵ بمخوا، کەس پێ نەزانێ**
**شەدە لار، ئۆف شەدە لار، ... حاکمەکەی بانە**
**دەبێنە، بێنە ماچت کەم، شوخی حال زان**

# Şedelar

*Zîrek*

*Xûda bistênê heqim le dayet*
*Min cewrim kêşa kênîşte sayet*
*Şedelar of şedelar  hakimekey bane*
*De bêne bêne maçit kem dem biçkolane*
*Her kesêk neybê dû dostû yarê*
*Serbigrê le qûr sibhû êwaerê*
*Eto lew sere le ucrey hewt reng*
*Emnîş wam lêre xerîbû dil teng*
*Detirsim bimrim çiley zistanê*
*Qel û dal bimxûa kes pênezanê*
*Şede lar of şede lar  hakimekey bane*
*De bêne bêne maçit kem şoxî hal zan*

# Şemal were

Mamle








مەقامی ( عەجەم ) لە سەر نۆتەی – ڕێ –

# شەماڵ وەرە

به نۆتەکردنی: وریا ئەحمەد

وتنی: مامڵێ

دەستی من وەبان کەلامولڵا بێ
لە تۆ شیرینتر مەگەر ئەڵلا بێ
ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە
دەردی دڵەکەم بۆ یار بەرە
لە داخی دووریت دڵ بێ خەبەرە
لە داخی دووریت دڵ سەودا سەرە
لە دەردی دڵەکەم یار بێ خەبەرە
بۆ من لە جوملەی عەبدی خودا نیم
سەعاتێك لە دەست غەمێك ڕەهانێم
ئەرێ وەرە شەماڵ وەرە
دەردی دڵەکەم بۆ یار بەرە
لە دەردی دڵەکەم یار بێ خەبەرە

# Şemal were

***Mamlê***

*Destî min weban kelamûlla bê*
*Le to şîrîntir meger ella bê*
*Erê were şemal were*
*Derdî dilekem bo yar bere*
*Le derdî dilekem yar bê xebere*
*Bo min le ciumley êbdî xûda nim*
*Seatêk le dest xemêk rehanim*
*Erê were şemal were*
*Derdî dilekem bo yar bere*
*Le derdî dilekem yar bê xebere*

# Şemal Hat

Mamle






مەقامی ( کـــورد ) لەســـەر نۆتـــەی ـ لا ـ

# Şemal Hat

*Mamlê*

*Şemal hat bay behare*
*Pamal deka pejare*
*Têkyan pêça xêlatî*
*Manzilyan qerax şare*
*Le nêw kijî ew êle*
*Dû çawî yarim dîyare*
*Yarim hate nêw Şarî*
*Bar deken bo hewarî*
*Têkel bûn le qendîlî*
*Êlî Sûrçî û Zirarî*
*Kizû girde nişînim*
*Le swêy çawî be  xumarî*
*Yarî min gerden kêle*
*Mindalkare û cihêle*
*Qewlî pêdam bîbînim*
*Birêkim lê le fêle*
*Wek mangî şewî çarde*
*Dîyare le nêw ew êle*
*Kezîyey wekû reşmare*
*Sîngî baxçe henare*
*gêlgêle û desr û şede*
*Alqeû derzîleû gware*
*Her le yarî min ciwanin*
*Xwên şîrîn û mindal kare*
*Katî roîyî bo kanî*
*Çome seyrî çawanî*
*Taq bûmewe le malan*
*Dûr bûm le awedanî*
*Awrî dawe bo lam bê*
*Belam wey daykî Zanî*
*Sed birya nem dîbaye*
*Taze xem be kelik naye*
*Horî beheştim denê*
*Degel  malî dinyaye*
*Herdû dinyam pê deda*
*Ger çawî yarm baye*

# شەماڵ هات

**مامڵێ**

شەماڵ هات بای بەهارە
(پاماڵ) دەکا پەژارە
تێکیان پێچا (خێلاتی)
مەنزلیان قەراغ شارە
لەنێو کیژی ئەو عێلەی
دوو چاوی یارم دیارە
یارم هاتە نێو شاری
بار دەکەن بۆ هەواری
تێکەڵ بوون لەقەندیلی
عێلی سوورچی و زراری
کز و گردە نیشینم
لە سوێی چاوی بە خوماری
یاری من گەردن کێلە
منداڵ کارە و جحێڵە
قەولی پێدام ببینم
برێکم لێ لە فێڵە
وەك مانگی شەوی چاردە
دیارە لەنێو ئەو عێلە
کەزیەی وەکو رەشمارە
سینگی باخچەی هەنارە
گێلگێلە و دەسرەو شەدە
عالقە و دەرزیلە و گوارە
هەر لە یاری من جوانن
خوێن شیرین و منداڵ کارە
کاتی رۆیی بۆ کانی
چوومە سەیری چاوانی
تاق بوومەوە لەماڵان
دوور بووم لە ئاوەدانی
ئاوری داوە بۆ لام بێ
بەڵام وەی دایکی زانی
سەد بریا نەم دیبایە
تازە غەم بەکەلك نایە
حۆری بەهەشتم دەنێ
دەگەڵ ماڵی دنیایە
هەردوو دنیام پێ دەدا
گەر چاوی یارم بایە

♦ لە پەرتوکی (یادی بەخێر)وەرگیراوە ل٣٦

# Wa meke Wa meke

Zirek






پێنجـــی ( حیجـاز ـــ نیوەشـەو ) لەسـەر نۆتـەی ـ لا ـ

## Wa meke Wa meke

Zîrek

Çawt şîne pirçt kale
Ebrot perî reşe dal
Detbem û detrfênim
Wêney maynî şexa zal
Ruhmî xêrît  bê lêw al
Ew dilem bot bû bew êbdal
Qedit le bo kembere
baskit ciwan  boxirxal
Wameke wameke wameke
Daykim dyarew abrûm çû
Dewere dewere têkel bîn
bo to awrim tê  ber bû
Çaw bazî ebro kewan
Rohim boto bû mîwan
Dewere deste milanit bim
Şewan hetak û beyan
Awrit le min berdawe
Daykî minit bê be qûrban
Emnit bo destew mêrdan

## وامه كه وامه‌كه

زیره‌ك

به نۆته‌كردنی: وریا ئه‌حمه‌د

چاوت شینه پرچت كاڵ
ئه‌برۆت په‌ڕی ڕه‌شه داڵ
ده‌تبه‌م و ده‌تڕفێنم
وێنه‌ی مایینی شێخه زاڵ
ڕۆحمی خێرت بێ لیۆ ئاڵ
ئه‌و دڵه‌م بۆت بوو، به‌و عه‌بداڵ
قه‌دت له بۆ كه‌مبه‌ره
باسكت جوان بۆ خڕخاڵ
وا مه‌كه، وا مه‌كه، وا مه‌كه
دایكم دیاره‌و ئابرووم چوو
ده‌وه‌ره، ده‌وه‌ره تێكه‌ڵ بین
بۆ تۆم ئاوه‌ر تێ به‌ربوو
چاو بازی ئه‌بڕۆ كه‌وان
ڕۆحم بۆ تۆ بوو میوان
ده‌وه‌ره ده‌سته ملانت بم
شه‌وان هه‌تاكوو ڕۆژان
ئاورت له من به‌رداوه
دایكی منت بێ به قوربان
ئه‌منت بۆ؟ ده‌سته‌و ئه‌ژنۆ
تۆ ژنی گوڵه‌ی مێردان

# Ey Be Herme Be Herme

Mamle






**مەقامی (عەجەم ) لەسەر نۆتەی /سۆل/ شایانی باسە نۆتەکانی /دو هەروەها ری/ بەکارنەهاتوون**

# ئەی بە هەرمێ بە هەرمێ

**بە نۆتەکردنی: وریا ئەحمەد** **وتنی: ماملێ**

نەخۆش و دەردە دارم   ئازار نییە دەردی تۆیە
چارم ناکەن دکتۆران   شفام بە دەستی تۆیە
ڕوو لە هەر دێیەك دەکەم تەعریفی جوانی تۆیە
بە هەرمێ بە هەرمێ جا دەچم هەرمێت بۆ دێنم
لە تاران و تەورێزان کراسی کرێمت بۆ دێنم
بە خوا (هێشی)ت بێ یا بە زۆری  دێم لە بابت دەستێنم
دەرونم زۆر پەریشانە   کۆسپی گەوەرەم لەپێشە
غەم دەوریان لێداوم  زامی دڵم بەئێشە
کاری من و لیو ئاڵێ سەر بگرێ بەبێ کێشە
ئای بەهەرمێ بە هەرمێ جا دەچم هەرمێت بۆ دێنم
لە تاران و تەورێزان کراسی کرێمت بۆ دێنم
بە خوا (هێش)یان بەتۆبزی  دێم لە بابت دەستێنم
دیسان دەردە سەر لێدا غەم بەسەرم دا باری
هەڵناکەی بە دێهاتی دەڕۆم دەتبەم بۆ شاری
نازانم کێ بنێرم جا بڕێکت کا دڵداری
دایمە وەك تازیە داران  چاو بە گریە و گرینم
کوانێك لە جەرگم هاتوو  خوێن دەچۆڕی لەبرینم
کیژۆلەی ناسك و نازدار   زۆر پەشێوت دەبینم
بە هەرمێ بە هەرمێ جا دەچم هەرمێت بۆ دێنم
لە تاران و تەورێزان کراسی کرێمت بۆ دێنم
بە خوا (هیشی)یان بەزۆری  دێم لە بابت دەستێنم
لە یاری خۆم دڵبەندنیم   خەڵکی پێ وایە گێژم
سەودایەك لەسەری دام   وەك بولبولان دەبێژم
(جا لەبەرت کردووە بیشان) وەبەر ناکەوێ بێژم
بە هەرمێ بە هەرمێ جا دەچم هەرمێت بۆ دێنم
لە تاران و تەورێزان کراسی کرێمت بۆ دێنم
بە خوا (هێشی)یان بەتۆبزی دێم لە بابت دەستێنم

# Ey be Hermê be Hermê

*Mamlê*

*Nexoşû derdeearim azar nîye derdî toye*
*Çarim nakan diktoran şifam bedestî toye*
*Rû leher dêyek dêyek dekem teçrîfî ciwanî toye*
*Behermê behermê ca deçim hermêt bo dênim*
*Le taranû tewrêzan kirasî kirêmit bo denim*
*Be xûahîşt bê ya be zorî dêm le babit destênim*
*Derûnim zor pewêşane kospî gewrem le pêşe*
*Xem dewryan lê dawim zamî dilim be êşe*
*Karî minû lêw alê serbigrê bebê kêşe*
*Ay behermê behermê ca deçim hermêt bo dênim*
*Le taranû tewrêzan kirasî kirêmit bo denim*
*Be xûahîşt bê ya be tobzî dêm le babit destênim*
*Dîsan derde serlêda xem beserim da barî*
*Helnakey be dêhatî derom detbem bo şarî*
*Nazanim kê binêrim ca birêkit ka dildarî*
*Dayme wek tazye daran çaw begiryeû girînim*
*Kiwanêk le cergim hatû xûên deçorê le birênim*
*Kîjoley nasikû nazdar zor peşêwit debînim*
*Behermê behermê ca deçim hermêt bo denim*
*Le taranû tewrêzan kirasî kirêmit bo denim*
*Be xûahîşt bê ya be zorî dêm le babit destênim*
*Le yarî xom dil benid nîm elkî pêy waye gêjim*
*Sew dayek le serîdam wek bulbûlan debêjim*
*Ca leberit kirdûe bîşan weber nakewê bêjim*
*Behermê behermê ca deçim hermêt bo denim*
*Le taranû tewrêzan kirasî kirêmit bo denim*
*Be xûahîşt bê ya be tobzî dêm le babit destênim*

# Hey bizdandin

**Be notekirdini: Amanc Xazi**




## هەی بزداندن

### به نۆتەکردنی: ئامانج غازی

| | |
|---|---|
| هەی بزداندن  بزداندن | یارێ بەند لێ بزداندن |
| شاتانه لگەردنا زەر | قاز و قولینگ فراندن |
| چومه رەزێ بابێته | من دوو گول لێ بزداندن |
| چومه کانیا بەرمالا | کچك و کورٍ دکەن دیلانێ |
| گوڤەندا خرت و لاوا | وا لا لۆیێ سەیرانێ |
| مالا بابێ کچکێ | من دیت و سەرێ بانی |
| چاڤێ من بچاڤێ وێ کەت | نه گوله و نه ریحانی |

## Hey bizdandin

### Benotkirdinî : Amanc Ĝazî

| | |
|---|---|
| *Hey bizdandin  bizdandin* | *Yarê ber bend bizdandin* |
| *Şatane ligerdnazer* | *Qazû qulînig firandin* |
| *Çûme rezê babe te* | *Min dû gul lê bizdandin* |
| *Çûme kanya bermala* | *Kiçikû kur diken dîlanê* |
| *Govenda xirtû lawa* | *Wa la loyê seyranê* |
| *Mala babê kiçikê* | *Min dîtû serê bane* |
| *Çavê min biçavê wî kewt* | *Ne gulew ne reyhanê* |




# چاوی ده چاو بازان

به نۆتەکردنی: ئامانج غازی

وتنی: مامڵێ

چاوی ده چاوبازان
لێم دەگرن ڕێبازان
دەمکوژن به نازان
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
لەبەر چاوی بازی تۆ
چاوی دەچاو نەرمان
پڕن لە کلەو دەرمان
هەڵنایەن لە شەرمان
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
لەبەر چاوی بازی تۆ
چاوی ده چاو بەستان
به خێر نەچنە کوێستان
لێمان دەبڕن دۆستان
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
لەبەر چاوی بازی تۆ
ماڵی ده مەڕ داران
دەچنەوە هەواران

لێمان دەبڕن یاران
وەی وەی لەبەر نازی تۆ
لەبەر بسکی خاوی تۆ
دەڕۆم ڕێم نەدیوە
بەفرم لێ باریوە
سوورە گوڵم خەملیوە
وەی وەی لەبەر چاوی تۆ
لەبەر بسکی خاوی تۆ

# Çawî de çawbazan

**Benotkirdinî : Amanc Ĝazî** *Goranî: Mamlê*

*Çawî deçawbazan*
*Lêm degrin rêbazan*
*Demkujin benazan*
*Wey wey leber nazî to*
*Leber çawî bazî to*
*Çawî deçaw nerman*
*Pirin le kilew derman*
*Helnayen le şerman*
*Wey wey leber nazî to*
*Leber çawî bazî to*
*Çawî deçaw mestan*
*Bexêr neçne kiwêstan*
*Lêman debrin dostan*
*Wey wey leber nazî to*
*Leber çawî bazî to*
*Malî de merdaran*
*Deçnewe hewaran*
*Lêman debrin yaran*
*Wey wey leber nazî to*
*Leber biskî xawî to*
*Derom rêm nedîwe*
*Befrim lê barîwe*
*Sûre gulim xemlîwe*
*Wey wey leber çawî to*
*Leber biskî xawî to*

# Koçerê

Be notekidini: Amanc Xazi




# کۆچەرێ

**هۆنراوە وئاواز:فۆلکلۆر** **مەقام: بەیات**

**بەنۆتەکردنی: ئامانج غازی**

کۆچەرێ وەی کۆچەرێ — نارنێ نارینێ هەی نار
کۆچەرێ وەی کۆچەرێ — شێت بووم ژوان چاڤادا
کۆچەرا بەریا بێئاڤ — نارنێ نارینێ هەی نار
کۆچەرا بەریا بێئاڤ — شێت بوو ژوان چاڤادا
عاشقی بەژنا زراڤ — نارنێ نارینێ هەی نار
کۆچە بەریا بێئاڤ — شێت بوو ژوان چاڤادا
ئەز کوشتم کچا بێ باب — نارنێ نارینێ هەی نار
ئەز کوشتم کچا بێ باب — شێت بوو ژوان چاڤادا

# Koçerê

## Benotkirdinî : Amanc Ĝazî

*Koçerê wey koçerê — Narînê narînê hey nar*
*Koçerê wey koçerê — Şêtbûm ji wan çavade*
*Koçerê berya bê av — Narînê narînê hey nar*
*Koçerê berya bê av — Şêtbûm ji wan çavade*
*Aşqê bejna zirav — Narînê narînê hey nar*
*Koçerê bejna zirav — Şêtbûm ji wan çavade*
*Ez kuştim kiçabê bab — Narînê narînê hey nar*
*Ez kuştim kiçabê bab — Şêtbûm ji wan çavade*

# Kiras zerdê

**Be notekirdini: Amanc Xazi**




## Kiras zerdê

### Benotkirdinî : Amanc Ĝazî

*Kiras zerdê Kiras zerdê*
*Kiras zerdêm lê halawe*
*Kiras zerdêm bo biken be bûk*
*Bîben  bo baxî şeqlawe*
*Kiras zerdê Kiras zerdê*
*Kiras zerdêm keşkol sure*
*Tuxda ciwanê dil megore*
*Beramberim da menîşe*
*Cergit derhênam le rîşe*
*Ew derdey le twe le minîşe*
*Kiras zerdêm lê torawe*

## كراس زەردێ

### بەنۆتەكردنی: ئامانج غازی

كراس زەردێ كراس زەردێ
كراس زەردێم لێ هالاوە
كراس زەردێم بۆ بكەن بە بووك
بیبەن بۆ باخی شەقلاوە
كراس زەردێ كراس زەردێ
كراس زەردێم كەشۆڵ سوورە
توخدا جوانێ دڵ مەگۆڕە
بەرامبەرم دامەنیشە
جەرگت دەرهێنام لەریشە
ئەو دەردەی لەتوە لەمنیشە
كراس زەردێم لێ تۆراوە

# Mendanê

**Be notekirdini: Amanc Xazi**




## مەندانە

**بەنۆتەکردنی: ئامانج غازی**

مەندانێ و مەندانێ لێ لێ مەندێ
مەندێ کچێ کوردانە ژارۆ مەندێ
ئەو شەو شەو بەهارە لێ لێ مەندێ
یارێ من نازدارە ژارۆ مەندێ
لە گوێیدایە گوارە لێ لێ مەندێ
زۆر شۆخ و نازدارە ژارۆ مەندێ
مەندانێ و مەندانێ لێ لێ مەندێ
مەندێ کچێ کوردانە ژارۆ مەندێ

## Mendanê

**Benotkirdinî : Amanc Ĝazî**

*Mendanêw mendanê lê lê mendanê*
*Mendanê kiça kurdane jaro mendê*
*Ew şew şew behare lê lê mendê*
*Yarê min nazdare jaro mendê*
*Le giwêy daye giware lê lê mendê*
*Zor şoxû nazdare jaro mendê*
*Mendanêw mendanê lê lê mendanê*
*Mendanê kiça kurdane jaro mendê*

# Bûka mala bavê min

**Be notekirdini: Hengaw Anwer**




## Bûka mala bavê min

Benotekirdinî : Hengaw Enwer

*Hûr hûr govendê lêxe* *wer bûka mala bavê min*
*Her car hêle deng pêxe* *wer bûka mala bavê min*
*Panyê sola l erdêxin* *wer bûka mala bavê min*
*Toz û gemarê pêxe* *wer bûka mala bavê min*

*Navê bûkê gulîstan* *wer bûka mala bavê min*
*Evîna hemû dila* *wer bûka mala bavê min*
*Xweş bikin kêf û seyran* *wer bûka mala bavê min*
*Daweta bûk û zave* *wer bûka mala bavê min*

*Werin dîlanê xweşkin* *wer bûka mala bavê min*
*Dîlana bûka geşkin* *wer bûka mala bavê min*
*Şeşera serî bineqşin* *wer bûka mala bavê min*
*Hêdî hêdî bi geşkin* *wer bûka mala bavê min*

## بووکا مالا باڤێمن

به نۆتەکردنی: هەنگاو ئەنوەر

هوور هوور گۆڤەندێ لێخە بووکا مالا باڤێمن
هەر جار هێلە دەنگ پێخە بووکا مالا باڤێمن
پانیێ سۆلا ل عەردێخە بووکا مالا باڤێمن
تۆز و گەمارێ پیخە بووکا مالا باڤێمن

ناڤێ بووکێ گولیستان بووکا مالا باڤێمن
ئەڤینە هەموو دلا بووکا مالا باڤێمن
خوەشبکن کێفو سەیران بووکا مالا باڤێمن
داوەتە بووکوو زاڤە بووکا مالا باڤێمن

وەرن دیلانێ خوەشکن بووکا مالا باڤێمن
دیلانا بووکا گەشکن بووکا مالا باڤێمن
شەعرا سەری بنەقشکن بووکا مالا باڤێمن
هێدی هێدی بگە شکن بووکا مالا باڤێمن

# Def û zirne

**Be notekirdini: Hengaw Anwer**




## Def û zirne

Benotekirdinî : Hengaw Enwer

*Def û zirnê leqîne def lilihev bicivîne*
*Dengê dengbêjê lîne qîz û bûka bicivîne*
*Lawno werne dawetê kurno werne dawetê*
*Daweta kurê metê bîrnakim weta wetê*

*Dengbêjê gal û gala bûk bê dêyû xale*
*Zave cane ne kale emrê bavan bîst sale*
*Lawno werne dawetê kurno werne dawetê*
*Daweta kurê metê bîrnakim weta wetê*

*Hemû bêjin bimbarek hemû bêjin pîrozek*
*Roja îro pir cane dilxwaze û miradek*
*Lawno werne dawetê kurno werne dawetê*
*Daweta kurê metê bîrnakim weta wetê*

*Deb çîyo de lê xe zirneçîyo de lêxe*
*Xizmê meye tazeye yek meleye yek şêze*
*Lawno werne dawetê kurno werne dawetê*
*Daweta kurê metê bîrnakim weta wetê*

## دەف و زرنە

به نۆتەكردنی: هەنگاو ئەنوەر

دەف و زرنیٚ لەقینە    دەف لـلهەڤ بجڤینە
دەنگیٚ دەنگ بیٚژیٚ لینە    قیزوو لـلهەف بجڤینە
لاونۆ وەرنا داوەتیٚ    كورنۆ وەرنە داوتیٚ
داوەتا كوریٚ مەنیٚ    بیرناكم وەتا وەتیٚ

دەنگبیٚژیٚ گالا و گالا    بووك بیٚ دێیوو خالە
زاڤە جانە نە كالە    عەمریٚ باڤان بیست سالە
لاونۆ وەرنا داوەتیٚ    كورنۆ وەرنە داوتیٚ
داوەتا كوریٚ مەنیٚ    بیرناكم وەتا وەتیٚ

هەموو بیٚژن بمبارەك    هەموو بیٚژن پیرۆزەك
رۆژا ئیرۆ پر جانە    دل خوازە و مرادەك
لاونۆ وەرنا داوەتیٚ    كورنۆ وەرنە داوتیٚ
داوەتا كوریٚ مەنیٚ    بیرناكم وەتا وەتیٚ

دەب چییۆ دەلیٚخە    زرنە چییۆ دەلیٚخە
خزمیٚ مەیە تازەیە    یەك مەلەبە یەك شیخە

# Canê

**Be notekirdini: Hengaw Anwer**




## Canê

Benotekirdinî : Hengaw Enwer

| | |
|---|---|
| *Lê can lê can lê canê* | *lê canê* |
| *Lê can lê can lê canê* | *lê canê* |
| *Rabe m herin dîlanê* | *lê canê* |
| *Bikin kêf û seyranê* | *lê canê* |
| *Bo xatirê ramûsanê* | *lê canê* |
| | |
| *Canê hatû meşîya* | *lê canê* |
| *Hurkir cotê kezîya* | *lê canê* |
| *Wextê cavê min pêket* | *lê canê* |
| *Dilê min pê êşîya* | *lê canê* |
| | |
| *Cana min pir şêrîne* | *lê canê* |
| *Şala serî b rengîne* | *lê canê* |
| *Hecî canê nasneke* | *lê canê* |
| *Por sore çav şîne* | *lê canê* |

## جانێ

به نۆتەکردنی: هەنگاو ئەنوەر

| | |
|---|---|
| لێ جان لێ لێ جان | لێ جانێ |
| لێ جان لێ لێ جان | لێ جانێ |
| بکن کێفوو سیرانێ | لێ جانێ |
| بۆ خاترێ راموسانێ | لێ جانێ |
| | |
| جانێ هاتو مەشییە | لێ جانێ |
| هورکر جۆتێ کەزییە | لێ جانێ |
| وەختێ جاڤیمن پێکەت | لێ جانێ |
| دلێمن پێ ئێسییە | لێ جانێ |
| | |
| جانا من پر شیرینە | لێ جانێ |
| شالە سەری برنگینە | لێ جانێ |
| حەچی جانێ باسنەکە | لێ جانێ |
| بۆر سۆرە چاڤ شینە | لێ جانێ |

# Meyremê

**Be notekirdini: Hengaw Anwer**




## Meyremê

Benotekirdinî : Hengaw Enwer

*Lê meyremê meyremê lê meyremê meyremê*
*Lê meyremê meyremê lê meyremê meyremê*
*Meyremê meyremê ezqurbana per çemê*
*Hatim heyrana çava meyremê meyremê*
*Hatim heyrana çava ezqurbana ber çemê*
*Lê meyremê meyremê lê meyremê meyremê*
*Meyremê lê meyremê ezqurbana ber çemê*
*Meyrem çûye ser avê meyremê meyremê*
*Meyrem çûye ser avê çav reşê meyremê*
*Cilşûştin dane tavê meyremê meyremê*
*Cilşûştin dane tavê çav reşê meyremê*
*Dilê min ketî navê meyremê meyremê*
*Dilê min ketî navê çav reşê meyremê*
*Ew meyrema ertûşî meyremê meyremê*
*Ew meyrema ertûşî çav reşê meyremê*
*Te li sere qereqûşî meyremê meyremê*
*Te li sere qereqûşî çav reşê meyremê*
*Çotê memka nafroşî meyremê meyremê*
*Çotê pûşî nafroşî çav reşê meyremê*

## مێرەمێ

**به نۆتەکردنی: هەنگاو ئەنوەر**

لێ مێرەمێ مێرەمێ لێ مێرەمێ مێرەمێ
مێرەمێ لێ مێرەمێ ئەز قوربانە پەرچەمێ
هاتم حەیرانا چاڤا مێرەمێ مێرەمێ
هاتم حەیرانا چاڤا ئەز قوربانە پەرچەمێ
لێ مێرەمێ مێرەمێ لێ مێرەمێ مێرەمێ
مێرەمێ لێ مێرەمێ ئەز قوربانە پەرچەمێ

مێرەم چووەیە سەر ئاڤێ مێرەمێ مێرەمێ
مێرەم چووەیە سەر ئاڤێ چاڤ رەشێ مێرەمێ
جل شووشتن دانا تاڤێ مێرەمێ مێرەمێ
جل شووشتن دانا تاڤێ چاڤ رەشێ مێرەمێ
دلێ من کەتی ناڤێ مێرەمێ مێرەمێ
دلێ من کەتی ناڤێ چاڤ رەشێ مێرەمێ

ئەو مێرەمە ئەرتووشی مێرەمێ مێرەمێ
ئەو مێرەمە ئەرتووشی چاڤ رەشێ مێرەمێ
تەل سەری قەرەقوشی مێرەمێ مێرەمێ
تەل سەری قەرەقوشی چاڤ رەشێ مێرەمێ
جووتێ مەمکا نافرۆشی مێرەمێ مێرەمێ
جووتێ پوشی نافرۆشی چاڤ رەشێ مێرەمێ

# Pêjna te nayê

**Be notekirdini: Hengaw Anwer**




## Pêjna te nayê

پێژناته نا یێ

Benotekirdinî : Hengaw Enwer

به نۆتەکردنی: هەنگاو ئەنوەر

*Pêjna te nayê pêjna te nayê*
*Ez j kerbê evînê ez ketme tayê*
*Li ber şibakê ez kûr dinalim*
*Warê te kuştim ketme belayê*

*Ez her dinalim heta êvarê*
*Rondik ji cavê min têne xwarê*
*Alem razaye ketye temarê*
*Lê çibkim bê te xewa min nayê*

*Welle lihevder li te digerim*
*Ji bona herdem li te dinêrim*
*Xotim ne bînim j vire herim*
*Mirîme j bo te bîra te nayê*

پێژناته نا یێ پێژناته نا یێ
ئەز ژ کەربێ ئەڤینێ ئەز کەتمە تایێ
لبەر شباکێ ئەز کوور دنالم
وارێتە کوشتم کەتمە بەلایێ

ئەز هەر دنالم حەتا ئێڤارێ
هێستر ژ چاڤێ من تێنا خوارێ
عالەم رازایە کەتیە تەمارێ

وەللا لهەڤدەر لتە دگەرم
ژ بۆنا هەردەم لتە دنێرم
خورتم نەبینم ژ ڤرە هەرم
مریمە ژ بۆ تە بیراتە نایێ

# Sivano

**Be notekirdini: Hengaw Anwer**




## Şivano

Benotekirdinî : Hengaw Enwer

*Şivano bilûr vano derdê dilê min girano*
*Were destê min bigre min bibe nav berxamo*
*Wer dilê eyşanê çav reşê sîng zozanê*
*Te z kuştim helandim bêrîvanê*

*Şivano mere çiya nav berxano van çiya*
*Welle bile nakşînim new derdê hewîyê*
*Wer dilê eyşanê çav reşê sîng zozanê*
*Te z kuştim helandim bêrîvanê*

*Şivano pir şêrîno were sebra dila bîno*
*Were tû min bixwaze neda m tû mibrevîno*
*Wer dilê eyşanê çav reşê sîng zozanê*
*Te z kuştim helandim bêrîvanê*

*Lawiko lêxe bilûrê tê wê mere tendûrê*
*Law destê min berde xursê gundêna derdê*
*Wer dilê eyşanê çav reşê sîng zozanê*
*Te z kuştim helandim bêrîvanê*

## شڤانۆ

**بە نۆتەکردنی: هەنگاو ئەنوەر**

شڤانۆ بلوورڤانۆ دەردێ دلێمن گرانۆ
وەرە دەستێ من بگرە من ببە ناڤ بەرخانۆ
وەرە دلێ عەیشانێ چاڤ رەشێ سنگ زۆزانێ
تە ئەز کوشتم حەلاندم بێرڤانێ

شڤانۆ مەرە چیا ناڤ بەرخانۆ ڤان چیا
وەللا بلە ناکشینم نەو دەردێ هەویێ
وەرە دلێ عەیشانێ چاڤ رەشێ سنگ زۆزانێ
تە ئەز کوشتم حەلاندم بێرڤانێ

شڤانۆ پر شیرینۆ وەر سبرا دلا بینۆ
وەرە تو من بخوازە نەدا رم تو تو مبرە ڤینۆ
وەرە دلێ عەیشانێ چاڤ رەشێ سنگ زۆزانێ
تە ئەز کوشتم حەلاندم بێرڤانێ

لاوکۆ لێخە بلوورێ تێ وی مەرە تەندووری
لاۆ دەستێ من بەردە خورسێ گوندێنا دەردێ
وەرە دلێ عەیشانێ چاڤ رەشێ سنگ زۆزانێ
تە ئەز کوشتم حەلاندم بێرڤانێ

# Xezalê

Be notekirdini: Hengaw Anwer




## Xezalê

**Benotekirdinî : Hengaw Enwer**

| | |
|---|---|
| *Xezalê bêjim bêjim* | *delala m* |
| *J derdê te dîn û* | *hêlîcan* |
| *gêjim* | *delala m* |
| *Dosta lawkê* | *hêlîcan* |
| *dengbêjim* | *delala m* |
| *Xezalê û hêlî û melî* | *hêlîcan* |
| *Xezala m çû xolqînê* | *delala m* |
| *Ji tere zêra bînim* | *hêlîcan* |
| *Xezalê û hêlî û melî* | *delala m* |
| *Xezalê û hêlî û melî* | *hêlîcan* |
| *Ez çûme diyar bekir* | *delala m* |
| *Ji tere şarê bînim* | *hêlîcan* |
| | *delala m* |
| | *hêlîcan* |
| | *kubarê hêlîcan* |
| | *xezalê û* |
| | *hêlîcan* |
| | *delala m* |
| | *hêlîcan* |

## خەزاڵ

**بە نۆتەکردنی: هەنگاو ئەنوەر**

| | |
|---|---|
| خەزاڵ بێژم بێژم | دەلا لام هێلێجان |
| ژ دەردێ تە دینوو گێژم | دەلا لام هێلێجان |
| دۆستا لاوکێ دەنبێژم | دەلا لام هێلێجان |
| خەزاڵ و هێلی و مەلی | دەلا لام هێلێجان |
| خەزالام چوو خۆلقینێ | دەلا لام هێلێجان |
| ژ تەرە زێرا بینم | دەلا لام هێلێجان |
| خەزاڵ و هێلی و مەلی | دەلا لام هێلێجان |
| خەزالام چوو خۆلقینێ | دەلا لام هێلێجان |
| خەزاڵ و هێلی و مەلی | دەلا لام هێلێجان |
| خەزاڵ و هێلی و مەلی | کوبارێ هێلێجان |
| ئەز چوومە دیار بەکر | خەزالێ و هێلێجان |
| ژ تەرە شارێ بینم | دەلالێ و هێلێجان |

# Yara min

**Benotekirdini: Hengaw Anwer**



# Yara min

## Benotekirdinî : Hengaw Enwer

*Yara min tû rewşenê*
*Gel bayê sipêde*
*dkenê*
*Lawko bo min bêje*
*Min te nedî ji mêje*
*Min j dilê xwe*
*navêje*

*Hilat stêra sibêyo*
*Tê qe qeba kewêyo*
*Kurko ez şiyarim*
*Dengê kewê*
*guhdarim*
*Benda teme ez narim*

*Hilat stêra şivana*
*Gelawêş şewq*
*dabana*
*Lawko t stêra kurda*
*Ez gelawêja dilan*
*Em bikin kêf û*
*seyran*

*ax cana min tû*
*rewşnê*
*çiqas ciwane*
*ezbenê*
*ax lawko bo min*
*beje*
*nave min gelawêje*
*min j dilê xwe*
*navêje*

*ax milat sibêyo*
*yara m rabe j*
*xewêyo*
*lawko ez şiyarim*
*dengê kewê*
*guhdarim*
*benda teme ez*
*narim*

*ax hilat stêra*
*şivana*
*ketin nava dilana*
*kurko t stêra*
*kurda*
*kuro dîno de were*
*em bikin kêf û*
*seyra*

# یارا من

## به نۆتەکردنی: هەنگاو ئەنوەر

یارا من توو ڕەوشەنێ
گەل بایێ سپێدە دکەنێ
لاوکۆ بۆ من بێژە
من تە نەدی ژمێژە
مژ دلێ خوە ناڤێژە

هلات ستێرا سبێیۆ
تێ قەب قەبا کەوێیو
کورکۆ ئەز شیارم
دەنگێ کەوێ گوهدارم
بەندا تەمە ئەز نارم

هلات ستێرا شڤانا
گەلاوێژ شەوق دابانە
ئەز گەوێژا دلان
ئەم بکن کێفو سەیران
ئەم بکەن کێفو سەیران

ئاخ جانا من توو ڕەوشەنێ
چقاس جوانە ئەز بەنێ
ئاخ لاوکۆ بۆ من بێژە
ناڤێمن گەلاوێژە
مژ دلێ خوە ناڤێژە

ئاخ هلات ستێرا سبێیۆ
یارام رابە ژ خەوێیو
لاوکۆ ئەز شیارم
دەنگێ کەوێ گوهدارم
بەندا تەمە ئەز نارم

ئاخ هلات ستێرا شڤانا
کەتن ناڤا دلانا
کورکۆ تە ستێرا کوردا
کرۆ دینۆ دە وەرە
ئەم بکەن کێفو سەیران

# Yara min çav sîne

**Be notekirdini: Hengaw Anwer**




## Yara min çav şîne

Benotekirdinî : Hengaw Enwer

*Yara mine çav şîne*
*Dinya alem dizane*
*Were hêlîn dara min*
*Gorînbike cana min*

*Yara mine çav reşe*
*Xelk û alem zewicîn*
*Were hêlîn dara min*
*Gorînbike cana min*

*Yara mine delale*
*Xelk û Alem derjî*
*Were hêlîn dara min*
*Gorînbike cana min*

*xemla bejnê rengîne*
*herdem li benda wême*
*kulîlk û bihara min*
*xiraneke mala min*

*weke gula sor xweşe*
*lê min û te çi hale*
*kulîlk û bihara min*
*xiraneke mala min*

*gul û çîçek û lale*
*li min û te çi hale*
*kulîlk û bihara min*
*xiraneke mala min*

## یارا منه چاڤ شینه

به نۆتەکردنی: هەنگاو ئەنوەر

یارا منه چاڤ شینه    خەملا بەژنیٚ رەنگینه
دنیا ئالـەم دزانه    هەردەم لـبندا ویٚمه
وەرە هیٚلـین دارامن    کولـیلـکو بهارا من
گۆرییبنکه جانا من    خرانەکه مالا من

یارا منه چاڤ رەشه    زوکا گولا سۆر خوشه
خەلـك و ئالـەم زەوجین    لـیٚ منوو ته چمالـه
وەرە هیٚلـین دارامن    کولـیلـکو بهارا من
گۆرییبنکه جانا من    خرانەکه مالا من

یارا منه دەلالـه    گول و چیچەك و لالـه
خەلـك و ئالـەم دەرژی    ل منوو ته چه حالـه
وەرە هیٚلـین دارامن    کولـیلـکو بهارا من
گۆرییبنکه جانا من    خرانەکه مالا من

# "دانسقەي موزيكي و ليركي"

## ميدي و نۆتەي موزيكي

گۆشەيەكى تايبەتە بە بلاوكردنەوەى چەندين پارچە موزيكى دانسقە كە بۆ كۆمەلێك ئاميرى موزيكى و گۆرانى و سروود و گۆرانى نيشتيمانى نووسراون، ئەم بابەتە هونەرييانە كۆمەلێ كلتوورى جيا بەخۆوە دەگرن و گۆرانييە كورديەكانييش لەلايەن كۆمەلێ گۆرانى بێژى ناسراون لەسەر ئاستى پارچەكانى كوردستان و دەشێ ئەم بابەتانە وەكو چەندين سەرچاوەى خوێندنى وانەكانى (سۆلفێچ)ى گشتى و كوردى و ڕۆژهەلاتى لە بەشەكانى موزيك لە پەيمانگە و كۆليژەكانى موزيكى دەكار ببردرێن هەروەها هەمان سەرچاوەكان دەكرێ وەكو وانەكانى موزيك و سروود و چالاكى قوتابخانەكان و ڤيستڤالەكان لە كۆمەلێ بۆنەى كۆمەلايەتى و نيشتيمانى نەتەوەيى و ئايينى بۆ كۆمەلێ قوتابخانەى خوێندنى فرەچەشن لە كوردستان. بەم بلاوكردنەوەيە خۆزگە دەخوازيين كە بتوانيين بۆشاييەكى هونەرى پربكەينەوە كە چێژەوارانى موزيك و فێرخوازان و تەنانەت مامۆستايانيش مەبەستيانە هەروەها بەتاسەوە ئارەزوومانە ئەو دانسقە هونەرييانەش لە پارچە موزيك و سروود و گۆرانييەكان كە ئێوەى خوێنەوار پێشنيارى دەكەن ياخود لەلايەن فێرخواز و مامۆستايانيش دەنێردرێ لێرەدا بلاوى بكەينەوەو ئێمە لە ئينستيوتى كەلەپورى موزيك لەسەر ئەركى خۆمان ئەم دانسقانە چاپ و بلاو دەكەينەوە لەگەلٚ ئەو نۆتە موزيكيانەى كە بە دانەى ئۆرجينالٚ ياخۆ كۆپى بە دەستمان دەگات تەنانەت ئەگەر بە دەستيش نووسرابن شوێن و پێگەى خۆيان لەسەر ئەم مالپەرە دەبينەوەو بۆ گرنگيدان و هاندانى ئەوانەى بابەتەكانيشمان بۆ ڕەوانە دەكەن ناوى ئەو ئارەزوومەندەش وەكو خۆى بلاو دەكەينەوە بۆيە دەخوازيين لێرەدا داواى ئەوەتان لێبكەين كە ناوى پارچە موزيك و دانەر و ئەو سەرچاوە باوەڕ پێكراوەمان بۆ بنووسن بۆ ئەوەى لێرەدا بتوانيين وەكو پالپشتێكى بە هێزى هونەرى پشتى پێ ببەستين دەكرێ هەچ پێشنيارێكتان هەبێ بەم ناونيشانە بۆمان ڕەوانە بكەن،

m.zaza@kurdish-music.org

لەگەلٚ ڕێزماندا...

د. محەمەد عەزيز زازا
ب. بەشى توێژينەوەو لێكۆلێنەوە
ئينستيوتى كەلەپورى كوردستان

# مختارات موسيقية وغنائية

## نوتات موسيقية وميدي

زاوية خاصة بنشر قطع موسيقية مختارة لمختلف الآلات الموسيقية، وأغاني وأناشيد مختلفة، من ثقافات مختلفة، وأغاني كوردية شائعة لمغنين ومؤدين معروفين من شتى أجزاء كوردستان، والتي يمكن أن تصلح كمصادر للتدريس في حصص الصولفيج الغنائي العام، والكوردي، والشرقي، بأقسام الموسيقى في المعاهد وكليات الموسيقى، وتصلح كذلك لحصص ودروس الموسيقى والنشيد، وللنشاطات المدرسية والمهرجانات لمختلف المناسبات :الاجتماعية والوطنية والقومية والدينية، في مختلف مدارس إقليم كوردستان. ونأمل من هذا النشر سد الفراغ الذي يشتكي منه متذوقو الموسيقى، والطلبة والأساتذة على حد سواء.

ويسرنا كذلك أن ننشر أيضا مختارات من القطع الموسيقية والأغاني والأناشيد التي يقترحها القراء وطلبة الموسيقى وأساتذتها. وسنعمل في معهد التراث الموسيقي على طباعتها وتدوينها بالشكل اللائق، سواء وصلتنا النوتات مطبوعة، أم مستنسخة، أم بخط اليد.وسيتم ذكر اسم من اقترح أو أرسل المقطوعة أو الأغنية ، ويرجى في هذه الحالة كتابة اسم المقطوعة، ومؤلفها، والمصدر الذي تم الاعتماد عليه في تدوينها بخط واضح.

وسننشر المقطوعات والأغاني التي تصلنا في موقعنا هذا.

ويمكن أن توافونا بمقترحاتكم على عنواننا التالي:

m.zaza@kurdish-music.org

مع تحياتنا لكم جميعا.

**د.محمد عزيز زازا**
**رئيس قسم الدراسات والأبحاث العلمية**
**بمعهد التراث الموسيقي الكوردستاني**
**أربيل – كوردستان العراق**

# *Ez Kevokim*

## ئەز کـەڤۆکم

ژ فۆلکلـۆرا کـــوردی
نۆتـــە نڤیـــس : د. م . زازا

**Ji folklora Kurdî**
**Notenivîs: Dr. M.ZAZA**




www.kurdish-music.com

مــن الفولكلــور الكــردي
تــدوين : د. محمد عـزيز زازا

# Reqsa Ermenî

رەقســا ئەرمــەني

Ji folklora Ermenan
Notenivîs: Dr. M.ZAZA

ژ فۆلکلـــۆرا ئەرمـــەني
نۆتـــە نڤيـــس : د. م . زازا




مـــن الفولكلـــور الأرمـــني
تـــدوين : د. محمد عزيز زازا

www.kurdish-music.com

# انسي الدنيا

غناء: إيمان البحر درويش
اعداد للبيانو :مركز الفنون الموسيقية
القامشـــلي - ســوريا




اعداد مركز الفنون الموسيقية بالقامشلي بإشراف الدكتور محمد عزيز ظاظا
www.kurdish-music.com





www.kurdish-music.com
- 3 -





## *Sema'î şet Ereban*

# سماعي شـــت عربان

مبســـــطة التـــــدوين للمبتـــــدئين - لـــــدروس الصـــــولفيج

**Notenivîs: Dr. M.ZAZA** **جميــل بــك الطنبــوري**



www.kurdish-music.com

تـــدوين : د. زازا

# سـەماعي فـەرەح فـەزا

## سـمـاعي فـرحفزا

جـەميل بـەگ
جميـل بـك






ئەنستیتوی مۆزیک و کەلەپووری کوردستان - هەولێر
معهد التراث الموسيقي الكوردستاني - اربيل
www.kurdish-music.org

# *PRELUDIUM*

تــدوين : ب ظاظا

**J.S.BACH**
( 1685 - 1750 )



www.kurdish-music.com


24
25
26
27
28
29
30
31
32
33
34
35
36
37
38
39
40
41
42
43

# لونغا يورغو
# Longa Yorgo

Comp. YORGO
Arr. M.ZAZA

تأليف : يورغو
كتبهــا للغيتـــار : د. محمد عزيز زازا




مركز الفنون الموسيقية بالقامشلي بإشراف الدكتور محمد عزيز ظاظا – هاتف : ٤٣٤٥٨٣ – ٤٥٥٠٩٧
mdzaza@scs-net.org - Tel : 00 963 / 52 / 45 50 97 & 43 45 83
www.kurdish-music.com


B.V
i m p i m p i m p
a a
B.V

# Gul gulî

أغنية كردية

Notenivîs: Dr. M.ZAZA




# Çaçanê

اغنية كردية

Notenivîs: Dr. M.ZAZA




www.kurdish-music.com

# ئاگاداری

داوا لـه سەرجەم نووسەران و خامە بە دەستانی بـواری موزیـك و گـۆرانی و توێژینـەوەی زانستی کە لـەپوری میللی کوردی دەکەین، بە بەرهەمی بە پێزو توێژینەوەی زانستی بەشداری لـە گۆڤاری چلاواز بکەن، بە مەرجێ:بابەتەکانیان پەیوەند دار بێ بە بـواری موزیـك و گـۆرانی و توێژینەوەی زانستی کەلـەپوری میللی کوردی و گۆرانی ناوچەکانی کوردستان و ڕیتم و مەقام و ئامێرەکانی موزیك و زاراوەکان و ...هتد. ڕاڤەکردنی گۆرانی و نۆتەی گۆرانییەکانی تێدابێ و پێشتر لـە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەك بلاو نەکرابێتەوەو لـە یەك ڕووی لاپەرەو بە خەتێکی خـۆش نووسرابێ، لـە کاغەزی (A٤ )بێ و هێلّ بەجێ هێشترا بێ، ئاماژە بەو سەرچاوانەش کرابێ کـە سوودیان لێ وەرگیراوە.

# Agadarî

Dawa le sercem nûseranû xame be destanî biwarî muzîkû goranîw tiwêjînewey zanistî kelepûrî mîllî kurdî dekeyn, Be berhemî bepêz û tiwêjînewey zanistî beşdarî le govarî Çilawaz biken,be mercê: babetekanyan peywend dar bê be biwarî muzîk û goranîw tiwêjînewey zanistî kelepûrî mîllî kurdîw nawçekanî Kurdistan û rîtmû meqamû amêrekanî muzîkû zarawekan…hitd. Ravekirdinî goranîw notey goranîyekanî têdabêw pêştir le hîç govarû rojnameyek bilaw nekrabêtewew le yek rûy laperew be xetêkî xoş nûsrabê, le kaxezî (A٤)bêw hêl becêhêştirabê,Amajeş bew serçawane kirabê ke sûdyan lê wergîrawe.